# تێڕوانینەکانی فاروق کاتژمێرێکیشیان نەماوە بۆ نیوەشەو

**بەشی پێنجەم**

## بژار



**ئارەزووەکان**

(لە نێو ئارەزووەکاندا چەند ئارەزوویەک هەن کە ئەفلاتوون بە کێوی ناویان دەبات کە پەروەردە ناتوانێت هیچیان لە تەکدا بکات جگە لە ڕاگرتنی گەشە کردنیان ) "ئاشت بوونەوەی عەقڵ و عیشق _ فاروق ڕەفیق , لاپەڕە 90 _ " .

پێش ئەوەی بچینە ناو بابەتەکەوە من لە فاروق دەپرسم : ئایا ئارەزووەکان کێویین , یان کۆمەڵگا کێوییانە دامەزراوە ؟ بۆچی دەبێت ئارەزووە سروشتییەکانی مرۆڤ , هەندێکیان کێوییانە بن لە مرۆڤدا ؟ ئەم تێگەیشتنە لە ئارەزووەکان , نە لای ئەفلاتونەوە و نە لای فاروق ڕەفیق دوە , عەقڵانی نییە . بە چ لۆجیکێک ئەم جیاکردنەوەیە پێوانە دەکرێت ؟ ئەم جیاکردنەوەیە لە نێوان ئارەزووەکاندا , پێش هەر شتێک سیستیماتیک بوونی ئارەزووەکان وەلادەنێت . ڕێکخراوبوونی ئارەزووەکان و جوڵانەوە و سەربەخۆ بوون و پەیوەندییان , نابینێت . ئەرک و ئامانجە تاکایەتی و هاوبەشەکانیان ڕەتدەکاتەوە . ئاگای لە پەیوەندییەکانی نێوان عەقڵ و خەیاڵ و ئارەزووەکان نییە . سەرنجیان بۆ کاری هاوبەشی نێوان ئارەزووەکان و هەستەکان ناچێت . ئەم تێگەیشتنەی ئەفلاتون و فاروق بۆ ئارەزووەکان , تێگەیشتنێکی لاوەکییان و هەژارانە و بێدەربەست بوونانەیە .

مرۆڤ لە پێناسەیەکیدا یانی ئارەزوو . دابڕینی ئارەزوو لە مرۆڤ , دابڕینی زیندەییە لە مرۆڤ . گرنگترین بابەتێک لەسەر مرۆڤ کە دەبێت بە بەردەوامی توێژینەوەی لەسەر بکرێت , ئارەزووەکانیەتی .گەورەترین کەموکوڕی لە نوسینەکانی فاروق دا , لانەکردنەوەیەتی بەلای ئارەزووەکانی مرۆڤدا . ئەو سوکایەتی کردنەی فاروق بە هەندێ لە ئارەزووەکانی مرۆڤ , لە داماوی تێگەیشتنیەوەیەتی لەو بارەیەوە .

ئارەزووەکانی مرۆڤ , لەگەڵ ئەوەدا کە دابڕاو نین لە یەکتری , بەڵام سەربەخۆبوونی هەر یەکێکیان لەلایەن هەموویانەوە دەستەبەر کراوە . هیچ یەکێکیان پێشێلی ئازادی ئەوی تریان ناکات . سەربەخۆبوونی هەر یەکێکیان لە بەرانبەر ئەوانی دیکەدا لەسەر بنەمای دابڕانەوە دیاری کراوە . ئارەزووەکان لەسەر بنەمای دانەبڕانەوە , نەچوونەتە پەیوەندی گرتنەوە لەگەڵ یەکتریدا . ئەگەر ئارەزووەکان لەسەر بنەمای دانەبڕانەوە بچوونایەتە پەیوەندییەوە لەگەڵ یەکتریدا , ئەوا حاڵی ئەوانیش لەناو مرۆڤی تاکدا , لە حاڵی کۆمەڵگای پێچەوانە باشتر نەدەبوو . ئەگەر ئارەزووەکان وەکو مرۆڤەکانی کۆمەڵگای پێچەوانە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا دروست بکردایە , ئەو کاتە لە کوێوە بمانتوانییایە فەیلەسوف و بیرمەندمان بۆ چارەسەری کێشەی ئەوان پەیدا بکردایە ؟ ناکرێت ئارەزووەکان هەندێکیان کێوی بن و هەندێکیان کێوی نەبن . وە ناشکرێت گەشە کردنی هیچ یەکێکیان ڕابگیرێت . ئەم شەڕەی ئەفلاتوون و فاروق لەگەڵ ئارەزووەکاندا , بە

پێوەری شەرفرۆشتن نەبێت , بە هەموو پێوەرێکی تر نارەوایە ( لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەفلاتون کە ئەگەر نەڵێم گەورەترین فەیلەسوفە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا , ئەوا یەکێکە لە هەرە گەورەترین فەیلەسوفەکانی ,, وە هەروەها فاروق ڕەفیقیش جگە لە ڕێزم بۆی وەکو مامۆستایەک لە بواری فەلسەفەدا , وەکو بیرمەندێکیش دەیناسم و ڕەخنەکانمی ئاراستە دەکەم ) .

ئارەزووەکانی مرۆڤ تاکایەتیین و لە پێناوی جەستەی مرۆڤیشدا هاتوونەتە بوون . تاکایەتیین , بەو مانایەی ئارەزووی هیچ کەسێک لە پێناوی کەسێکی تردا لە دایک نەبووە . ئەم تاکایەتییەی ئارەزووەکان , چۆن کاتی خۆی ئەفلاتونی نیگەران کردووە , ئەمڕۆش فاروقی ئاوا نیگەران کردووە . فاروق وەکو بیرمەندێکی ئەفلاتونیی هەمان جڤاتخوازی ئەفلاتون دووپات دەکاتەوە . هەردووکیان ئارەزووەکانی مرۆڤ لە بێژنگی جڤات دەدەن . واتە ئارەزووەکان بەو برە بایەخیان هەیە کە لەگەڵ جڤاتەکەیاندا دێتەوە . ئەم جڤاتخوازییە کە لە ئەفلاتونەوە بە تۆخی دەست پێدەکات , لای فاروق نەک هەر کاڵ نابێتەوە , بەڵکو تۆختر دەبێتەوە .

ئارەزووەکانی مرۆڤ , بەشێکن لە لە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ . چۆن جەستەی مرۆڤێک هینی مرۆڤێکی تر نییە , هەر ئاوا ئارەزووەکانی مرۆڤێکیش هینی مرۆڤێکی تر نین . ئارەزووەکانی هەموو مرۆڤێک بە دەوری خۆویستنی مرۆڤەکەدا تەوەرە دەبەستن . خۆویستنی مرۆڤ بە پلەی یەکەم , جەستە ویستنە . یەکانگیر بوونی ئارەزووەکان و جەستە , یەکانگیربوونێکی ئۆرگانیکییانەیە . نە ئارەزووەکان بێ جەستە دەژین و نە جەستەش بێ ئارەزووەکان دەژی . هەرچەندە پێداویستییەکانی جەستە , ئارەزووەکانی هێناوەتە بوون ,, بەڵام ئارەزووەکان لە هەڵسووڕانیاندا سەربەخۆن و کۆنترۆڵکراوی جەستە نین . بۆ نموونە : ئەگەر مرۆڤ ئارەزووی ڕۆیشتنی نەبێت , جەستە ناتوانێت بڕوات . خۆ ئەگەر جەستەش بە هەر هۆیەکەوە بێت لە ڕۆیشتن بکەوێت , خاوەن جەستەکە چەند ئارەزووی ڕۆیشتن بکات , ناتوانێت بڕوات . نموونەکەم بۆ پیشاندانی ئەو ڕەوشەیە کە جەستە و ئارەزووەکان , کۆنترۆڵی یەکتری ناکەن و لە کردەیی کردنەوەی کارەکانیشدا پێکەوەن . چۆن دایکێک و منداڵەکانی , مافی کۆنترۆڵ " زەوت کردنی ئازادی " ی یەکترییان نییە , جەستە و ئارەزووەکانیش , ئاوا , مافی کۆنترۆڵی یەکترییان نییە .

ئارەزووەکان لە تۆڕێکدا پەیوەندی بە یەکترییەوە دەگرن کە سیستیماتیک بوونی ئەو تۆڕە , زەمینەی کاری هاوبەش و گەشەکردنیان بۆ دەسازێنێت . سەربەخۆبوونیان لە دروست کردنی پەیوەندییەکانیاندا , هۆکاری بنەڕەتی چنینی تۆڕی پەیوەندییەکان و سیستیماتیک بوونیشیانە " واتە سیستیماتیک بوونی پەیوەندییەکان " . ئەم سەربەخۆیی و تۆڕ و سیستیماتیک بوونە لە پەیوەندییەکانیاندا , گۆڕانکارییەکان دەهێننە بوون . ئەم بە بوون هێنانەی گۆڕانکارییەکانە , گەشەکردنەکان لە هەردوو بواری بەرفراوان بوون و چوونە پێشەوەدا بەرقەرار دەکەن . چوونە پێشەوە لەگەڵ ئەوەدا کە بەرفراوان بوونی لە خۆیەوە ئاڵاندووە , دەستکەوتەکان و خستنە سەریەکی شارازاییەکان و خێراتر کردنی ڕۆیشتنەکان و لەیەکهەڵپێکانی ئەنجامەکان و بەدەستهێنانی ئامانجەکانیشی لەخۆ گرتووە . بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئارەزووەکان لە سەربەخۆییەکانیان و پاراستنیانەوە دەچنە پەیوەندییەکانیانەوە , دەبێت لانیکەم , لەو بارەیەوە ڕۆشنکرنەوەیەکمان هەبێت .

هەموو ئارەزوویەک خاوەنی دوو جۆر پەیوەندییە کە ئەوانەش پەیوەندییە ناوەکییەکان و پەیوەندییە دەرەکییەکانن . پەیوەندییە ناوەکییەکان و پەیوەندییە دەرەکییەکانی هیچ ئارەزوویەک بەپێی دوو چەمکی شێوە و ناوەڕۆک بە یەکتری پەیوەست نابنەوە . شێوە و ناوەڕۆک لەسەر بنەمای ناوەندێتییەوە"مەرکەزیەتەوە " هاتوونەتە دەرەوە . ناوەندێتیش هەمیشە لەسەر بنەمای زەوتکردنەوە " بۆ

نموونە : زەوتکردنی ئازادی " دادەمەزرێت . ئەم زەوت کردنە ئیتر پێچەوانە بوونەوەی " ئاوەژوو کردنەوەی " ڕاستییەکانە . تێڕوانینم بۆ شێوە و ناوەرۆک و ناڕاست بوونیان لای منەوە , لەم گۆشە نیگایەوەیە . لێرەوەیە کە دەڵێم پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکانی هیچ ئارەزوویەک بەپێی دوو چەمکی شێوە و ناوەرۆک بە یەکترییەوە پەیوەست نابنەوە .
پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکانی هەر یەکێک لە ئارەزووەکان , لەسەر بنەمای دابڕانەوە , بە یکترییەوە پەیوەست دەبنەوە . واتە پەیوەندییە دەرەکییەکانی هیچ ئارەزوویەک لەدایک بووی پەیوەندییە ناوەکییەکانی ئەو ئارەزووە نییە . پەیوەندییە ناوەکییەکان دروستکەری پەیوەندییە دەرەکییەکان نین . پەیوەندییە دەرەکییەکان , تەوەرە نابەستن بە دەوری پەیوەندییە ناوەکییەکاندا . بۆ ئەوەی باشتر لە سیما و جەوهەر و کار و کاردانەوەی پەیوەندییەکانی ئارەزوویەک بەتەنها تێبگەین , با کەمێک تۆزێک " بچینە سۆراخی یەکێک لە گرووپی پەیوەندییە ناوەکییەکان یان گرووپی پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە .
پەیوەندییە ناوەکییەکانی هەر ئارەزوویەک بگریت " بۆ نموونە وەکو دەسەڵاتخوازی " , بریتین لە کۆمەڵێک پەیوەندی تێکچڕژاو بەسەر یەکتریدا کە هەڵگری تایبەتمەندییە هەندەکی و هەموانییەکانی " هەمەکییەکانی " ئارەزووەکەن . ئەم پەیوەندییە ناوەکییانەش کە هەڵگری ئەو تایبەتمەنییە هەندەکی و هەموانییانەن , لەسەر بنەمای دابڕانەوە , کاری هاوبەشیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە . ئەم پەیوەندییە ناوەکییانە , میکانیکییانە نەچوونەتە کاری هاوبەشەوە لەگەڵ یەکتریدا , بەڵکو ئۆرگانیکانە , واتە لە بەسەربردنی ژیانی هاوبەشەوە لەگەڵ یەکتریدا , چوونەتە پرۆسەی بە ئەنجام گەیاندنی کارە هاوبەشەکانیانەوە . هەموو ئارەزوویەک کە لە وەڵامدانەوە بە پێداویستییە فسیۆلۆجی و بایۆلۆجییەکانی مرۆڤەوە هاتووەتە ئاراوە , خودی ئەو پێداویستییانە لەناو ئەو ئارەزووەدا بوونیان هەیە . هەبوونی پێداویستییەکانی جەستە لەناو ئارەزووەکاندا بە واتای سەربەخۆیی ئارەزووەکان دێت . سەربەخۆیی هەمیشە لە پەیوەندی ئۆرگانیکیدا خۆی دەردەخات . هەموو پەیوەندییەکی میکانیکی , سەربەخۆیی تیا کۆنترۆڵ دەکرێت .
بگەڕێینەوە بۆ نموونەکەی سەرەوەمان " دەسەڵاتخوازی " و بچینە ناو ڕاڤەی پەیوەندییە ناوەکییەکانەوە . دەسەڵاتخوازی کە پێداویستییەکی جەستەی لەو ڕووەوە " واتە لە ڕووی دەسەڵاتخوازییەوە " تیا بەرجەستە بووە , لە بوون و سیما و کار و کردەوەی پەیوەندییە ناوەکییەکانیدا حەشاری داوە . هێز و بەکارهێنانی هێز و سەروەری و بە ئەنجام گەیاندن و بزووتن و بزۆکی و کۆنترۆڵ و گەشە کردن و پەیوەندی گرتن و ژیانی هاوبەش و کاری هاوبەش و سنووربەندی و سنوورنەناسین و چێژ و گەڕان و گۆڕانکاری و تەمەن درێژی و بێوەیی و خۆشبەختی , کۆمەڵێکن لەو پێداویستییە فسیۆلۆژی و بایۆلۆژییانەی جەستەی مرۆڤ کە لە ئارەزووی دەسەڵاتخوازیدا نیشتەجێن . هەر یەکێک لەم پێداویستییانە کە بوون و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ناو ئارەزووی دەسەڵاتخوازیدا , پەیوەندی ئۆرگانیکی خۆی , بۆ کار و ژیانی هاوبەش , لەگەڵ ئەوانی دیکەدا و هەر لەناو ئارەزووی دەسەڵاتخوازیدا , دەخاتە گەڕ . ئەم تایبەتمەندییانەی دەسەڵاتخوازی کە لێرەدا تەنیا ئەو نۆزدەیەم دەستنیشان کردووە , بە شێوەیەکی سیستیماتیک , تۆڕێکی پەیوەندی گرتن , بە پێی یاسای سەربەخۆیی لەسەر بنەمای دابڕانەوە , لەگەڵ یەکتریدا پێکدەهێنن . من ئەم تایبەتمەندییانە بە توخمە ئەتۆمییەکانی دەسەڵاتخوازی ناوزەد دەکەم و پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ یەکتریدا , ئەڵبەتە , بریتین لە پەیوەندییە ناوەکییەکانی ئارەزووی دەسەڵاتخوازی . ئەم توخمە ئەتۆمییانە , هەمیشە لە جووڵان و گۆڕان و گەشە کردندان . بەڵام ئەم جووڵان و گۆڕان و گەشە کردنانە , خۆیان سێ پێداویستین لەو 19 دە پێداویستییانەی " واتە ئەو توخمە ئەتۆمییانەی " ناو دەسەڵاتخوازی . ئایا گەشە کردن , گەشە دەکات ؟ ئایا گۆڕان , گۆڕانکاری تیا ڕوودەدات ؟ ئایا جووڵان , خۆی وەستانە تا پێویستی بە جووڵان هەبێت ؟

گەشە کردن ناوێکی سەراپایی " شمولی " یە بۆ بزووتنەوەیەک . گەشە کردن کە پێداویستییەکی دەسەڵاتخوازییە , حاڵەتی توخمێکی ئەتۆمیشی لەناو دەسەڵاتخوازیدا وەرگرتووە . ئەم توخمە " واتە گەشە کردن " لە هەموو کات و قۆناغێکدا و لەناو خودی دەسەڵاتخوازیدا , جووڵانەوە و پەیوەستەگی و گۆڕانکاری و چوونە پێشەوە و ....هتدی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە . گەشە کردن پێش ئەوەی خاسیەت بێت بۆ توخمە ئەتۆمییەکانی ناو ئارەزووی دەسەڵاتخوازی , بۆخۆی توخمێکی ئەتۆمییە و هەیە . ئەگەر وەکو توخمێک بوونی نەبێت , ناکرێت ببێت بە خاسییەت بۆ ئەوانی دیکە . گەشە کردن لەناو سروشتدا وەکو بوویەک , بوونی هەیە , بۆیە دەبێت بە خاسیەت بۆ شتەکانی دیکە . ئرستۆ لە لاپەڕە 159 لە پەرتووکی میتافیزیک دا کە د. موحەمەد کەمال وەریگێڕاوە بۆ کوردی , دەڵێت : ( لە بەرهەمهێنانی کاتەگۆرییەکانیشدا " چەندایەتی و چەندەکی و ....هتد " دەبێت پێش خۆیان هەبن ) .

گەشە کردن چ وەک توخمێکی ئەتۆمی لەناو دەسەڵاتخوازیدا , چ وەک خاسیەتێک بۆ توخمە ئەتۆمییەکانی تر لە ناو دەسەڵاتخوازیدا , چ وەک پێداویستییەک بۆ خودی دەسەڵاتخوازی , وە هەروەها چ وەک پێداویستییەکی جەستە " هەرچەندە توخمە ئەتۆمییەکان لەناو ئارەزووی دەسەڵاتخوازیدا پێویستییەکانی جەستەن , بەڵام بۆ خۆشیان وەکو یەکەی سەربەخۆ لەناو دەسەڵاتخوازیدا هەن " , بوونی هەیە . جووڵە و گۆڕانکارییش هەر ئاوان لەناو ئارەزووی دەسەڵاتخوازییدا .

هەرچەندە دوو وشەی توخم و ئەتۆم گوزارشت لە دوو شتی مادیی دەکەن , بەڵام من وەکو دوو وشەی بەدەر لە ئەستو " مادده " خواستومە و بەکاریان دەهێنم . ئەرستۆ لە پەرتووکی میتافیزیکدا لە لاپەڕە 162 دا , ئەستو دابەش دەکات بەسەر دوو جۆردا کە ئەو دوو جۆرەش ئەستوی هەستەکی و ئەستوی هۆشەکین . ئەرستۆ ئاوا گوزارشتیان لێدەکات : ( ئەستوش هەستەکی یان هۆشەکییە . ئەستوی هەستەکی وەکو برۆنز و تەختە لەنێو بابەتە هەستەکییەکاندایە و گۆڕانی بەسەردا دێت . ئەستوی هۆشەکیش سەر بە بابەتە ماتماتیکییەکانە ) .

نەوەک لە بابەتەکە دوور بکەوینەوە و بزر ببین با بچینەوە سەر درێژە پێدانیەوە . پەیوەندییە ناوەکییەکانی ئارەزووی دەسەڵاتخوازی , بە پلەی یەکەم بریتین لە پەیوەندییەکانی توخمە ئەتۆمییەکانی ناوی . وەبە پلەی دووەم بریتییە لە پەیوەندییەکانی هەر یەکێک لەم توخمە ئەتۆمییانە لەگەڵ خودی ئارەزووی دەسەڵاتخوازیدا . وە بە پلەی سێیەمیش بریتییە لە پەیوەندی نێوان ئەم دوو جۆرە پەیوەندییە " واتە پەیوەندی توخمە ئەتۆمییەکان لەگەڵ یەکتریدا و وە پەیوەندی هەر یەکێکیشیان لەگەڵ ئارەزووی دەسەڵاتخوازیدا " . وە بە پلەی چوارەمیش بریتییە لە پەیوەندی نێوان ئەم هەموو پەیوەندییانە و پەیوەندی جەستە لەگەڵیاندا . کەواتە پەیوەندییە ناوەکییەکانی هەر ئارەزوویەک لە چوار لاوە دەڕژێن بە مل یەکدا و لە دواییشدا وەکو یەکەی پەیوەندیە ناوەکییەکان دێنە دەرەوە و خۆیانمان پێدەناسێنن .

پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئارەزووەکانیش هەر لەدایک بووی پێداویستییە جەستەییەکانن کە لە ناو ئارەزووەکاندا و ڕوو بە جیهانی دەرەوە , بەرجەستە بوون . واتە هەموو ئارەزوویەک بە تەنیا خاوەنی کۆمەڵێک پەیوەندی دەرەکییە . ئەم پەیوەندییە دەرەکییانە , پێداویستییەکانی جەستە لەناو خودی ئارەزووەکەدا , داخوازی دروست بوونیان دەکات . بەڵام ئەم پێداویستییانەی جەستە لەناو ئارەزووەکەدا , ئیتر دەبن بە بەشێک لە ئارەزووەکە و سەربەخۆیی خۆیان لە خودی جەستە وەردەگرن . ئەم وەرگرتنی سەربەخۆییە لە خودی جەستە , بە واتای جیابوونەوە نایەت لە جەستە . یەکگرتن لای منەوە لە سەربەخۆییەوە دەست پێدەکات , تا ڕێژەی سەربەخۆیی زیاتر بێت , یەکگرتن زیاتر دەبێت . سەربەخۆ بوونی ئەم پێداویستییە دەرەکییانەی جەستە لە ناو ئارەزوودا , لەسەر بنەمای دابڕانەوە دروست دەبێت .

ئەم پێداویستییانە خۆیان سەربەخۆیانە کار دەکەن بۆ جەستە . کار کردنی ئەم پێداویستییانەی جەستە لەناو ئارەزووەکاندا بۆ جەستە , کار کردنە بۆ مانەوەی ژیانی خۆیان . مانەوەی ژیانی خۆیان لە کار کردنیاندایە بۆ جەستە . پەیوەندی ئۆرگانیکی لە نێوان ئەم پێداویستییانەی جەستە لەناو ئارەزووەکان و خودی جەستەدا , لێرەوە مانا وەردەگرێت . با بە هەمان نموونەی ئارەزووی دەسەڵاتخوازییەوە بچینە پای وورد بوونەوە لە پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە .

پێداویستییە دەرەکییەکانی جەستە لەناو ئارەزووی دەسەڵاتخوازیدا , دەشێت هەمان توخمە ئەتۆمییەکانی ناو ئارەزووەکە بن و کاری ڕوو بەدەرەوەشیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتبێت ,, وە بەو بارەی تریشدا دەشێت کە کۆمەڵێک توخمە ئەتۆمی دیکە بن و لەگەڵ توخمە ئەتۆمییەکانی پێشوودا کاری هاوبەشی ڕوو بە دەرەوە بکەن . من زیاتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە پێداویستییە دەرەکییەکانی جەستە " بەشە بوونیە فیزیکییەکان " , کۆمەڵێک توخمە ئەتۆمی جیاواز بن لە توخمە ئەتۆمییەکانی پەیوەندییە ناوەکییەکان . واتە لەناو دەسەڵاتخوازیدا دوو کۆمەڵ توخمە ئەتۆم هەیە کە کۆمەڵێکیان بنەمای پەیوەندییە ناوەکییەکانە و کۆمەڵەکەی تریشیان بنەمایە بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکان . بۆ ئەوەی ناسینەوەیان ئاسان بێت بۆمان , توخمە ئەتۆمییەکانی پەیوەندییە ناوەکییەکان لە ناو ئارەزووی دەسەڵاتخوازیدا ناو دەنێم توخمە ئەتۆمییە ناوەکییەکان ,, وە توخمە ئەتۆمییەکانی پەیوەندییە دەرەکییەکانیش ناو دەنێم , توخمە ئەتۆمییە دەرەکییەکان .

توخمە ئەتۆمییە ناوەکییەکان , پەیوەندییەکانی ئارەزووی دەسەڵاتخوازی و جەستە , لە هەموو لایەکەوە ئۆرگەنایز دەکەن . توخمە ئەتۆمییە دەرەکییەکانیش پەیوەندی دەسەڵاتخوازی و جەستە و دەرەوە , بە هاوئاهەنگی لەگەڵ پەیوەندییە ناوەکییەکاندا , ئۆرگەنایز دەکەن . پەیوەندییە ناوەکییەکان و پەیوەندییە دەرەکییەکان لەسەر بنەمای خزمەت کردن بە دەسەڵاتخوازی و جەستە , کاری هاوبەشیان لەگەڵ یەکتریدا دەبێت . ئەم کارە هاوبەشانەی نێوان ئەم دوو جۆرە پەیوەندییە " واتە پەیوەندییە ناوەکییەکان و پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئارەزووی دەسەڵاتخوازی " هەروا ڕووکەشانە و میکانیکییانە نییە و لەسەر ئاستی سەرەوەیان " واتە ئاستی سەرەوەی پەیوەندییەکان " ڕوو نادات لە نێوانیاندا . ئەم کارە هاوبەشانە لەسەر بنەمای پەیوەندی گرتنی تۆڕئامێزانە و سیستیماتیکانەی هەردوو کۆمەڵەی توخمە ئەتۆمییە ناوەکی و دەیەکانەوە ڕوو دەدات . واتە توخمە ئەتۆمییە ناوەکی و دەرەکییەکان لەناو ئارەزووی دەسەڵاتخوازیدا , لە تۆڕێکی پەیوەندی گرتندا لەگەڵ یەکتریدا کۆدەبنەوە . پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتریدا سیستیماتیکانەیە . ئەم سیستیماتیک بوون و تۆڕئامێزییە لە پەیوەندییەکانیاندا , نەک هەر ئازادی هەڵسووڕانیان وەلانەناوون , بەڵکو زەمینەی ئەو هەڵسووڕانەیان بۆ فەراهەم کردوون .

توخمە ئەتۆمییە دەرەکییەکانیش لەناو ئارەزووی دەسەڵاتخوازیدا , بۆ خۆیان , بەپێی یاسای سەربەخۆیی لەسەر بنەمای دابڕانەوە , پەیوەندی لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ جەستە و لەگەڵ توخمە ئەتۆییە ناوەکییەکان و لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دەگرن . فشار و کۆنترۆڵ و داسەپاندن , نامۆن بە کار و ژیانی هاوبەشیان . توخمە ئەتۆمییە دەرەکییەکان , بەم شێوەیەی خوارەوە دەچنە پرۆسەی پەیوەندی گرتنەکانیانەوە .

1- توخمە ئەتۆمییە دەرەکییەکان , هەر یەکەیان بۆ خۆیان پەیوەندییەکی ئۆرگانیکییان لەگەڵ جەستەدا هەیە , چونکە هەر یەکەیان پێداویستییەکی جەستەن کە لە ئارەزووی دەسەڵاتخوازیدا نیشتەجێ بوون . ( لێرەدا ووشەی بووگن کە لە دیوی کوردستانی ئێراندا بەکار دێت باشتر لە بوون ماناکە دەگەیەنێت . بوون وەکو کردار لە کوردیدا هەم وەکو ڕابوردوو بەکار دەهێنرێت و هەم وەکو ڕابوردوویەکی بەردەوام کە ئێستاشی لەگەڵدایە . لە نووسیندا ووشەکە ناگۆڕدرێت , بەڵام بە ووتن بەپێی ڕۆڵە کردارییەکەی لە ڕستەدا

جیاوازە . کاتێک کە " بوون " وەکو ڕابوردووی بەردەوام بەکار دەهێنرێت , پێ لەسەر دوو واوەکەی دادەگیرێت و قورساییەکی زیاتری دەخرێتە سەر وەک لەوەی کە بوون بۆ ڕابووردوو بەکار بهێنرێت . بۆ نموونە : ئەوان حەوت کەسی تەواو بوون . ئەوان دەمێکەیە لە ئیشەکەیان تەواو بوون . " بوون " لە ڕستەی یەکەم و دووەمدا لە خوێندنەوەیاندا جیاوازن . " بوون " لە ڕستەی دووەمدا دەتوانین بڵێین بووگن . )

2- توخمە ئەتۆمییە دەرەکییەکان , هەر یەکەیان لە پەیوەندییەکی ڕانەوەستاودایە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا " واتە لەگەڵ توخمە ئەتۆمییە دەرەکییەکانی تردا " .

3- توخمە ئەتۆمییە دەرەکییەکان لە پەیوەندییەکی هەمەلایەنەدان لەگەڵ ئارەزووی دەسەڵاتخوازیدا کە خۆیان " واتە توخمە ئەتۆمییە دەرەکییەکان " لە ناویدا نیشتەجێن .

4 – ئەم توخمە ئەتۆمییە دەرەکییانە لە پەیوەندیدان لەگەڵ توخمە ئەتۆمییە ناوەکییەکاندا .

5 – ئەم توخمە ئەتۆمییە دەرەکییانە , بە سەربەخۆیی لە پەیوەندیدان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا .

6 – ئەم توخمە ئەتۆمییە دەرەکییانە , هەر هەموو پەیوەندییەکانیان , سیستیماتیکانە چوونەتە ناو یەکترییەوە .

7 – ئەم توخمە ئەتۆمییە دەرەکییانە , پەیوەندییان لەگەڵ ئارەزووەکانی تردا , ئۆرگانیکانە , ئۆرگەنایز کراوە .

من لێرەدا نەچوومەتە ناو پەیوەندییەکانی ئارەزووی دەسەڵاتخوازی , لەگەڵ عەقڵ و خەیاڵ و هەستەکاندا . وە چۆنیەتی کارکردی پەیوەندییەکانم لەگەڵ یەکتریدا ڕۆشن نەکردووەتەوە ( بۆ نموونە : ئایا هەر یەکێک لە توخمە ئەتۆمییە دەرەکییەکان , بۆخۆی پەیوەندییەکی بەجیا , بە جیهانی دەرەوەی دەسەڵاتخوازییەوە دەبەستێت , یان بە هاوبەشی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا , وەیان لە کۆی هەموو پەیوەندییەکانیەوە لەگەڵ دەسەڵاتخوازی و جەستەدا , دەچێتە پەیوەندی گرتنەوە بە جیهانی دەرەوە ) . وە من تەنیا وەکو نموونەیەک لە ئارەزووەکان , دەسەڵاتخوازیم وەرگرتووە , ئەگینا هەموو یەکێکیان , ئاوا , پێویستییان بە لێدووان و توێژینەوە هەیە لەسەریان . ئەمەی تا ئێستا نووسیم تەنیا پێشەکییەک بوو بۆ لێدووان لە گرنگی ئارەزووەکان و ئاڵۆزییان . قسە کردن لەسەر ئارەزووەکان زۆری دەوێت و ئەڵبەتە زۆر کەمیشمان لەو ڕووەوە پێیە . لە هەمان پەرتووکدا " ئاشت بوونەوەی عەقڵ و عیشق " فاروق ڕەفیق لە لاپەڕە 43 دا دەڵێت : ( پەروەردەی لیبراڵ ئەو چاکانە گەشە پێدەدا کە کارێک دەکەن پێکەوە ژیانی مەدەنییانە مسۆگەر بکردرێت و هەم ئازادیشمان دەکەن لەو هەواو ئارەزوو کە گەر بێت و لێیان بگەڕێین دامان دەبەزێننە سەر ئاستی ئاژەڵ بوون . لە ڕێگەی پەروەردەی لیبراڵەوە هاونیشتمانیان دەتوانن مەشق بە عەقڵیان بکەن و عەقڵیانە گفتوگۆ لەسەر بابەتە مەزنەکان بکەن , عەداڵەت و ستەمکاری , جوامێری و نانەجیبی , دلێری و ترسنۆکی , مەدەنیەت و بەربەریەت , ) .

فاروق لێرەشدا هێرش دەکاتەوە سەر ئارەزووەکانی مرۆڤ و بە تایبەتی ئەوانەی کە گەر بێت و لێیان بگەڕێین , فاروق ووتەنی , دامان دەبەزێننە سەر ئاستی ئاژەڵ بوون . پێش هەموو شتێک فاروق ئەو ئارەزووانەمان پێناڵێت کە دامان دەبەزێننە سەر ئاستی ئاژەڵ بوون . ئەم هەموو هێرشانە دەکاتە سەر ئارەزووە گوایە ئاژەڵییەکان و بەبێ ئەوەی چەند دانەیەکیشیان لێدیاری بکات . ئەم جۆرە لە دووان لەسەر ئارەزووەکان , تەنیا بە لۆجیکی فاروق جێکەوتە دەبێت .

فاروق سەوداسەری پەروەردە و عەقڵ و جڤاتە . مامەڵە کردنی فاروق لەگەڵ ئەم سیانەدا , لە سۆنگەی دەست گرتن بە کۆمەڵگای پێچەوانە و دژایەتی کردنی ئارەزووەکانەوە , دێتە ئاراوە . دژایەتی کردنی فاروق بۆ ئارەزووەکان بە بناغەی لێوەهەڵسانی ئایدیاکانی دادەنرێت . فاروق لە ڕوویەکەوە ناچارە ئەمە بکات "

واتە بە دژی ئارەزووەکان بووەستێتەوە " , چونکە ئەگەر لۆجیکانە و زانستییانە لەگەڵ ئارەزووەکاندا بێتەوە , سەرلەبەری میتۆدی بیرکردنەوەی هەڵدەوەشێتەوە . من پێش ئەوەی ڕەخنەم لە تێنەگەیشتنی فاروق هەبێت , دەربارەی ئارەزووەکان , ڕەخنەم لە میتۆدی بیرکردنەوەی هەیە . میتۆدی بیرکردنەوەی فاروق لە چوونە ناو بابەتەکانەوە لەسەر بناغەی نامرۆیی بوونەوە بنیات دەنرێت ( حەز دەکەم خوێنەر ئاگای لەوە بێت کە من ووشەی نامرۆیی بوون , وەکو ووشەیەکی فەلسەفی بەکار دەهێنم , نەک وەکو هێرشێکی کۆمەڵایەتییانە بۆ سەر فاروق ) . من نامرۆیی بوون لە میتۆدی فاروقدا , لە زاڵ کردنی ئارەزووەکانی خۆ و کۆنترۆڵ کردنی ئارەزووەکانی ئەوانی دیکەدا دەبینم . داسەپاندنی ئارەزووەکانی دەسەڵاتخوازی و مەزنایەتی و خۆنواندن و بڕیاردان و جڤاتخوازی و ئایندەگەرایی و ....هتد , لای فاروقەوە و بۆ فاروق ڕەوایەتی پێدراوە , بەڵام بۆ ئەوانی دیکە , بەرمەبنای عەقڵ , کۆنترۆڵ کراوە .
فاروق لە بابەتی پەروەردەی لیبراڵدا , کە پەروەردەیەکی مەدەنییانە بۆ کۆمەڵانی خەڵک و پەروەردەیەکی فەلسەفییانەش بۆ توێژی دەسەڵاتداران بەرچاو دەخات , لە دوو لاوە , لانی کەم , سەرکوت پیادە دەکات . لە لایەکەوە بەرنامە پەروەردەییەکەی لەسەر بنەمای تاڵان کردنی ئازادی تاک و ڕێگرتن لە زۆرێک لە ئارەزووەکانی " واتە ئارەزووە تاکایەتییەکانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا " و بەرمەبنای عەقڵی خۆی دادەسەپێنێت , وە لە لایەکی تریشەوە زۆرەملێیانە , دەسەڵات بەسەر سەری خەڵکییەوە دەهێڵێتەوە . فاروق لە پەروەردە لیبراڵییەکەیدا کە زوو زوو پێ لەسەر سەروەری عەقڵ و جڤاتخوازی مرۆڤەکان و دەسەڵاتی فەلسەفییانە دادەگرێتەوە , ئیتر ئارەزوومەندی و ئازادی هەڵسووڕانی مرۆڤەکان پێشێل دەکات . فاروق هیچ جۆرە ئازادییەک بۆ مرۆڤی تاک بە فەرمی ناناسێت . ئەو تاکی داماڵراو لە پەیوەندییە جڤاتییەکان بە فەرمی ناناسێت . ئەو ئازادییەکانی تاک تەنیا بە پەیوەست بە خزمەت کردنی جڤاتەوە بە فەرمی دەناسێت . خزمەت کردنی جڤات پێش هەموو شتێک لای فاروقەوە کراوە بە تەوقێک و بەزۆر کراوەتە ملی تاکەکانەوە . ئەو بەم تەوقەوە نەبێت تاکایەتی بوونی هیچ کەسێک ناناسێتەوە .
فاروق لە جڤاتخوازییەکەیدا ڕەچاوی نامرۆیی بوونی دامەزراوەکە ناکات . ئەو تەنیا نامرۆیی بوونی دەسەڵات دەبینێت , ئەویش لە ڕژێمی ستەمکاریدا , ئەگینا ئیتر نامرۆیی بوونی هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و .....هتدکان نابینێت . کۆمەڵگای پێچەوانە بۆ فاروق , بە شێوەیەکی گشتی و ئەڵبەتە بە کەمێک دەستکارییەوە , کۆمەڵگایەکی نموونەییتە .
فاروق لە بابەتی سەروەری عەقڵەوە , نە دەچێتە ناو پرۆسەی ڕاڤە کردنی عەقڵەوە و نە ئەم بەسەروەر گرتنەی عەقڵیشمان بەسەر ئارەزووەکاندا بۆ ڕۆشن دەکاتەوە . فۆکۆ چۆن ناچێتە ناو شیکردنەوەی خودی دەسەڵاتەوە و لەوێوە دەست پێدەکات کە دەسەڵات کار دەکات , " فاروق " یش ناچێتە ناو شیکردنەوەی خودی عەقڵەوە و ئەمیش لەوێوە دەست پێدەکات کە عەقڵ کار دەکات . عەقڵ لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا لە سەروەری خۆیەوە بەسەر ئارەزووەکاندا , کاردەکات . ئەم کار کردنەی عەقڵ , مێژوویەکی تا بڵێی دوور و درێژی هەیە . مێژووەکەی ڕێک , دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دروست بوونی خێزانی مرۆیی . هاتنە دەرەوەی تاکی تایبەت لە خێزاندا , هاتنە دەرەوەی دەسەڵات ڕاهێشتنی عەقڵە , بەڵام عەقڵی تاکی تایبەت , بەسەر ئارەزووەکانی ئەوانی دیکەدا . مەسەلەکە پێش ئەوەی سەرکوتی ئارەزووەکانی ئەوانی دیکە بێت , سەرکوتی عەقڵیانە " لەسەرکوت کردنی عەقڵیانەوە نەبێت , ناتوانێت سەرکوتی ئارەزووەکانیان بکات " . واتە عەقڵی تاکی تایبەت , سەرکوتی عەقڵی تاکی هەموانی و ئارەزووەکانی دەکات . لە سەردەمەکانی گوێزانەوەی خێزاندا , لە حاڵەتی ئاژەڵی بوونیەوە بۆ مرۆیی بوون , ڕێک ئەم هاتنە دەرەوەیەی عەقڵی تاکی تایبەت و دەسەڵات ڕاهێشتنی بەسەر عەقڵ و ئارەزووەکانی ئەوانی دیکەدا , ڕوویداوە . ئەم پرۆسەیە " پرۆسەی

سەرکوتی عەقڵی تاکی تایبەت بۆ عەقڵ و ئارەزووەکانی ئەوانی دیکە " نەک هەر وەلانەنراوە , بەڵکو تا هاتووە پەرەسەندنی بە خۆیەوە بینیوە و لە هەموو لایەکیشەوە بۆ چوونە پێشەوەی مشتوماڵ کراوە .
ئێستاش جارێکی تر ئەم بابەتە لەمڕۆدا و لە کوردستاندا و لەلایەن فاروق ڕەفیق ەوە ڕەواج پەیدا دەکاتەوە و هەمان مامەڵەی جارانی لەگەڵدا دەکرێتەوە . واتە فاروق ڕەفیقیش لە سەنگەری مشتوماڵ کردنی عەقڵی بەرەی تاکی تایبەتەوە چووەتە جەنگی سەرکوت کردنی عەقڵ و ئارەزووەکانی بەرەی تاکی هەموانییەوە .
لە ڕاستیدا عەقڵ ئامڕازی خزمەت کردنە بە ئارەزووەکان . عەقڵ لە پێناوی ئارەزووەکاندا هاتووەتە بوون . عەقڵی هەموو کەسێک , تاکی تایبەت بێت یان تاکی هەموانی , خزمەت بە ئارەزووەکانی ئەو کەسە دەکات . بێ هەبوونی ئەم ئامڕازە کە عەقڵە , ئارەزووەکان ناتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن . کەواتە منیش وەکو فاروق , بەڵام لە ڕوانگەیەکی ترەوە , کەسێکی عەقڵانیم و باوەڕم بە گرنگی و گەورەیی عەقڵ هەیە . واتە لە بواری بە فەرمی ناسینی گرنگی و بایەخداری و پێویست بوونی عەقڵەوە , من و فاروق جیاوازییەکمان نییە . تەنیا جیاوازییەک لەم ڕووەوە کە لە نێوان من و فاروق دا هەبێت ئەوەیە کە فاروق لای وایە عەقڵ دەبێت فەرمانداری ئارەزووەکان بێت و منیش لام وایە عەقڵ , ڕێپیشاندەر و یارمەتیدەری هاتنەدی ئارەزووەکانە .
ئەوە من نیم کە عەقڵ دێنمە خوارەوە و لە بەرانبەریدا ستەمکاری دەنوێنم , بەڵکو ئەوە فاروقە کە لە پێناوی عەقڵێکی کەمی ناو کۆمەڵگادا , عەقڵێکی زۆری هەمان کۆمەڵگا سەرکوت دەکات . عەقڵی هیچ کەسێک کۆنترۆڵی ئارەزووەکانی خۆی ناکات , ئەگەر بەزۆر پێی نەکەن . عەقڵی فاروقیش کۆنترۆڵی ئارەزووەکانی خۆی ناکات , ئەگەر فشاری ئایین و کولتوور و یاسا و دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکان و قسەوقسەڵۆک و کۆمەڵانی خەڵک و خزم و خێزان و برادەران و نەتەوە و جیهان و سیستەمی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و ئەخلاق و مێژوو ........هتد نەبێت . هیچ کەسێک نییە لە دنیادا , ئارەزوومەندانە , عەقڵی خۆی بەدژی ئارەزووەکانی خۆی بەکار بهێنێت . نەک هەر ئەوەندە , بەڵکو هەموو کەسێک هەوڵ دەدات لە چوارچێوەی ڕەوشی هەبوودا " وەزعی مەوجودا " , تا بۆی دەکرێت و دەتوانێت , کەناڵە جۆربەجۆرەکان بۆ پیادە کردنی ئارەزووەکانی بدۆزێتەوە . شەڕی دەسەڵاتداران , لە جەوهەردا , شەڕی پیادە کردنی ئارەزووەکانیانە . ئەم سوکایەتی کردنە بە ئارەزووەکان و ئەم پێشێل کردنەی دەوری سروشتی عەقڵ , پێش ئەوەی بە فاروقەوە پەیوەست بێت , بە کۆمەڵگای پێچەوانەوە پەیوەستە . هەڵگەڕانەوەی ئەم هاوکێشەیە " واتە دانەوەی دەوری سروشتی بە عەقڵ و ڕزگار کردنی ئارەزووەکان " , کۆمەڵگای پێچەوانە دەخاتە بەردەم گەورەترین مەترسییەوە , کە ئەویش مەترسی هەڵوەشاندنەوەیەتی .
فاروق لەگەڵ ئەوەدا کە کەسێکی جڤاتخوازە , ناچێتە بنجوبناوانی جڤاتەوە . پێکهاتەکانی جڤات و بارە مێژووییەکەی , ئەگەر بە چەند لاپەڕەیەکیش بووە , ڕۆشن ناکاتەوە . قسە ناباتە سەر ئەو سیستمانەی کە کۆمەڵگا کاریان پێدەکات " سیستمی دەسەڵاتدارێتی و نوێنەرایەتی و عەقڵسالاری لەو سیستمانەن " . ئەگەر جاربەجارێکیش قسەیەک لەسەر سیستمی نوێنەرایەتی و دەسەڵاتدارێتی بکات , ناچێتە پای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە بۆچی دەبێت ئەم سیستمانە هەبن .ناچێتە پای وەڵامدانەوە بە چۆنیەتی دروست بوونی ئەم سیستمانە لە مێژوودا . ناچێتە پای وەڵامدانەوە بە کارکردی ئەم سیستمانە لە کۆمەڵگادا " واتە کارکردی دەسەڵاتدارێتی و نوێنەرایەتی و عەقڵسالاری لە کۆمەڵگادا کامانەن . وە دەوری پۆزەتیڤیان ئەگەر هەیە کامانەن و وە نێگەتیڤیشیان هەروەها کامانەن . " . ناچێتە پای وەڵامدانەوە بە پێداویستی مانەوە و هۆکاری دەستپێوە گرتنیان . جڤاتخوازییەکەی فاروق بۆ کۆمەڵانی خەڵک ئارەزوومەندانە نییە , داسەپێنەرانەیە .

بەجیا لەوەی فاروق خاوەنی میتۆدێکی درشتگەرایە , جڤاتخوازییەکەشی لەسەر بناغەی گشتایەتییەوە بنیاتناوە . ئەڵبەتە ئەم درشتگەرایی و گشتایەتییە , نەک هەر نزیکایەتییان لە نێواندا هەیە , بەڵکو بە توندی لە یەکتری هەڵپێکراون . ئەو دکتۆر و مامۆستا و قوتابی و جوتیار و پارێزەر و کرێکار , لە دووتوێی گشتایەتییەکانیانەوە کە کۆمەڵە هاوپیشییەکانیانن , لەناو جڤاتەکەیدا بە شوێنیانا دەگەڕێت و دەیانناسێتەوە . ئەم گشتایەتییە , کێشەی وەلانانی تاکی بۆ میتۆدە درشتگەراییەکەی ئاسان کردووە .
فاروق بە میتۆدێک کار دەکات , شتە ووردەکان نابینێت . هەر بەتەنیا فاروق خاوەنی میتۆدی درشتگەرا نییە , چ بە پانتایی دنیا و چ بە درێژایی مێژووش , هاوەڵەکانی لەم بارەیەوە زۆرن و زۆریش بوون . میتۆدی درشتگەرا , میتۆدی تایبەتە بە کۆمەڵگای پێچەوانە . خاوەنانی ئەم میتۆدە , دەڵەت و حزبەکان و ڕێکخراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان و هێزە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا و خودی کۆمەڵگاش بەو گەورەیییەی کە هەیە , دەیبینن . ئەم میتۆدە لەگەڵ گرنگیدان بە گشتایەتی و ناسینەوەی کۆمەڵگاش لەوێوە , هاوجووتە . نەبینینی شتە بچوکەکان و بایەخدان بە شتە گەورەکان , ئەو ناکۆکییەیە کە " فاروق "ی تێکەوتووە . فاروق لەگەڵ کۆمەڵە بابەتێکدا دەرگیرە , کە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان , پێویستی بە بوونی شتە بچوکەکان هەیە . بەڵام بینینی شتە بچوکەکان , نامۆن بە میتۆدی درشتگەرایی . کەواتە فاروق پێویستی بە گۆڕینی میتۆد هەیە . جگە لەوەی گۆڕینی میتۆد هەروا سووک و ئاسان نییە , گرفتی تازەش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە گۆڕێ .

میتۆدی درشتگەرا سەر بە کۆمەڵگای پێچەوانەیە و هەموو گۆڕانێک تیایدا بۆ بینینی شتە بچوکەکان , ئەگەر بە خزمەتی بەرەی تاکی تایبەت تەواو نەبێت , ئۆتۆماتیکییانە لەگەڵ بەرەی تاکی تایبەت و خودی کۆمەڵگاکەیدا دەکەوێتە سەنگەری دژایەتی کردنیانەوە .
لەوێوە کە فاروق کۆمەڵگای پێچەوانە بە فەرمی دەناسێت و ڕیفۆرمیستێکی بەرەی تاکی تایبەتیشە , ناتوانێت هەڵگری میتۆدی درشتگەرا نەبێت . بەرەی تاکی تایبەت و کۆمەڵگای پێچەوانە و میتۆدی درشتگەرا , سیانەیەکی دانەبڕاون لە یەکتری . چ ئەوانەی ئایینویستن و چ ئەوانەی ناسیۆنالیستن و چ ئەوانەی کۆمۆنیستن و چ ئەوانەی لیبراڵیستن , هەر هەموویان هەڵگری میتۆدی درشتگەران . میتۆدی درشتگەرا , میتۆدی گەڕان نییە بە شوێن بناغەدا , بەڵکو میتۆدی خۆگونجانە لەگەڵ ڕەوشی هەبوودا " وەزعی مەوجودا " .

بناغەی شتە گەورەکان , هەمیشە شتە بچوکەکانە . دیاردە , وەکو هەموانییەک " کولیەتێک " پێکهاتەکانی , هەندەکییەکانین . واتە دیاردە کە شتێکی گەورەیە , لە شتە بچوکەکان پێکهاتووە کە هەندەکییەکانیەتی . ئەگەر نموونەی لەشی مرۆڤ بێنینەوە , پێش ئەوەی لە دەست و قاچ و چاو و دەم و لووت و گوێ و .....هتد پێکهاتبێت , لە خانە پێکهاتووە . بۆ تێگەیشتن لە لەشی مرۆڤ , پێویستیمان بە تێگەیشتن لە خانە هەیە . بۆ تێگەیشتن لە خانەش , پێوستیمان بە تێگەیشتن لە تەنۆلکەکانی ناوی هەیە . وە بۆ تێگەیشتن لە تەنۆلکەکانیش , پێویستیمان بە تێگەیشتن لە مۆلەکیولەکانیان هەیە . وە بۆ تێگەیشتن لە مۆلەکیول , پێویستیمان بە تێگەیشتن لە ئەتۆم هەیە . وە بۆ تێگەیشتن لە ئەتۆم , پێویستمان بە تێگەیشتن لە ئەلەکترۆن و پرۆتۆن و نیۆترۆن هەیە . وە تەنانەت بۆ تێگەیشتن لە پرۆتۆن نیۆترۆن , پێویستیمان بە تێگەیشتن لە کوانتۆم هەیە .
فاروق , وەکو سەوداسەرێکی پەروەردە و عەقڵ و جڤات کە دەچێتە پاڵ عەدالەت و جوامێری و دلێری و مەدەنیەتەوە , یەکسەر بە دژی ستەمکاری و نانەجیبی و ترسنۆکی و بەربەریەتەوە , دەست بەکار دەبێت ( هەشت ووشەی هەمان نموونەکەی سەرەوەیە کە لە لاپەڕە 43ی پەرتووکی " ئاشتبوونەوەی عەقڵ و عیشق "

دا هێناومەتەوە و لێرەشدا دیسانەوە خستوومنەتەوە ڕوو ) . با خوێنەر سەرنجی ووشەی دلێری و ووشەی ترسنۆکی بدات و بزانێت فاروق بۆ سەرسامە بە دلێری و بێزیشی لە ترسنۆکی دێتەوە ؟ بۆ دلێری بەرز دەنرخێنێت و ترسنۆکیش هەتا بلێیت بێ نرخ ؟ ئەگەر وورد سەرنج بدەین دەبینین فاروق ووشەی ترسنۆکی لە ڕیزی ستەمکاری و نانەجیب و بەربەریەت بەکار هێناوە ! من لە فاروق دەپرسم کەسێک ئەگەر ترنسنۆک بێت , بۆ دەبێت ستەمکار بێت یان لە ڕیزی ستەمکاردا بێت ؟ بۆ دەبێت نانەجیب بێت یان لەڕیزی نانەجیبدا بێت ؟ بۆ دەبێت بەربەری بێت یان لە ڕیزی بەربەریدا بێت ؟ ئایا لە کۆمەڵگادا لە کەسی ترسنۆک بێوەیتر هەیە ؟ ئایا فاروق دژی ئەو کەسانەیە کە لاشەڕ و بێوەیین ؟ ئەگەر وانییە , ئەی بۆ دژی ترسنۆکە ؟ مرۆڤی ترسنۆک خوێنی خۆی و خوێنی خەڵکی بێگانە , لە پێناوی جڤاتدا ناڕێژێت , بۆیە لای فاروق سووکوڕسوایە ؟ مرۆڤی ترسنۆک , مافی ژیانی هەیە لە جڤاتەکەی فاروق دا ؟ یان ئەو مافەی , بە پێی یاسا عەقڵانییەکانی فاروق لێوەردەگیرێتەوە ؟ ترسنۆک و بەربەریەت , بەرمەبنای عەقڵی فاروق نەبێت , بەرمەبنای چ عەقڵێک لەگەڵ یەکتریدا کۆدەبنەوە ؟ جیاوازی ئەم ڕقەی فاروق و ڕقی هەموو کەس و هێزێکی بەرەی تاکی تایبەت لە ترسنۆک , چییە ؟ فاروقیش دەیەوێت وەکو ترۆتسکی پێمان بلێت کەسی ترسنۆک نابێت لە گوللە ڕزگاری ببێت ؟

فاروق ڕقی لە مەڕەکانە و گورگەکانی خۆش دەوێت . ئەوەتا ترسنۆک کە وەکو مەڕ بێوەیە لە کۆمەڵگادا , فاروق هێندەی ڕق لێدەبێتەوە کە نەفرەتی دەکات . کەسی دلێریش با شەقاوە و ڕووشکێن و چەقۆوەشێن بێت , چونکە وەکو گورگ وایە بۆ گیانی مەڕ , حۆشی دەوێت .

دەبوایە فاروق وەکو مامۆستایەکی فەلسەفە و بیرمەندێک , باسێکی مێژوویی لەسەر ڕۆڵی نامرۆیی بوونی دلێری و تاوانە گەورەکانی دژ بە ترسنۆکی , پێشکەش بکردایە , نەک لەگەڵ هەموو خوێنڕێژەکانی دنیادا , سەنگەر لە مرۆڤی ترسنۆک بگرێت . مرۆڤی ترسنۆک جگە لەوەی کە مرۆڤێکی بێوەیە , هەستێکی زۆر مرۆییانەشی هەیە . ئەو داوای هەڵپێچانی ستەمکاری دەکات . ئەو داوای هەبوونی ئاسایش و پێکەوە بوونێکی ئاشتییانە دەکات . ئەو داوای خۆشبەختی و پێکەنین و خۆشەویستی دەکات . ئەو " واتە مرۆڤی ترسنۆک " کەسێکی شەڕەنگێز نییە و زۆریش نیگەرانە بەو کەسانەی کە شەڕ فرۆشن . ئەو وەکو مەڕ بێوەیە و حەزیشی بە تێکەڵاو بوونی مەڕەکانە نەک گورگەکان . ئەو کەسێکی بە بەزەیی و مرۆڤ پە روەرە . خەوش و نەنگی ئەو هەر ئەوەیە کە شەڕکەر نییە . بەڵام ئایا شەڕکردن , مرۆیی بوونی تیایە یان شەڕ نەکردن ؟ با فاروق لە جیاتی ئەوەی ڕێگا بۆ شەڕە بچوک و گەورەکان لە نووسینەکانیدا خۆش بکات , بە دوای ڕەگوڕیشەی مێژوویی شەڕ هەڵپێچانیدا بگەڕێت . مرۆڤێکی ترسنۆک بۆچی دەبێت کەسێکی بەربەری بێت ؟ بۆچی دەبێت مافی یەکسانی لەگەڵ کەسێکی دلێردا نەبێت ؟ بۆچی دەبێت بە چاوێکی قورس سەیری مرۆڤی دلێر بکەین و بە چاوێکی سووکیش سەیری مرۆڤی ترسنۆک بکەین ؟ فەلسەفەی ئەم جیاوازییە چییە و ئەم گرنگی پێدانەی فاروق بە کەسانی دلێر , بۆ ؟ لەم بارەیەوە کەممان لە دیکتاتۆرێکی وەکو سەددام حوسەینەوە نەبیست . بۆچی دەبێت بیرمەندێکی وەکو فاروق لە بەرانبەر ترسنۆکدا دیکتاتۆر بێت ؟

خەڵکانێک کە ژمارەیەکی بەرچاوون لە هەموو کۆمەڵگایەکدا و بە درێژایی مێژووش هە هەموو کۆمەڵگاکانی دنیا ستەمکار بوون لە بەرانبەریاندا , ئەو کەسانەن کە هەمیشە بە ترسنۆک ناوزەد کراون . ئەم هێرشە بۆ سەر مرۆڤی ترسنۆک لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەمەلایەنە و سیستیماتیک بووە . ڕابەرایەتی ئەم هێرشە بۆ سەر مرۆڤی ترسنۆک لە لایەن بەرەی تاکی تایبەتەوە بووە و ئێستاش هەر لەلایەن ئەوانەوەیە . یەکگرتنەوەی سیاسییە ئایینییەکان و ناسیۆنالیستەکان و کۆمۆنیستەکان و لیبراڵیستەکان و فاروقەکان لەسەر ئەم مەسەلەی هێرش بردنە بۆ سەر ئەو مرۆڤانەی بە ترسنۆک ناسراوون و دەناسرێن , لە ڕاستیدا

یەکگرتنەوەی هێز و لایەن و کەسایەتییەکانی ناو بەرەی تاکی تایبەتن . هێرشی ئەم کەسایەتی و گرووپ و هێزانەی ناو کۆمەڵگای پێچەوانە بۆ سەر ئەو مرۆڤە پاک و بێوەی و مرۆ دۆستانەی کە بە ترسنۆک دەست نیشانیان کردوون , هێرشێکی کۆنەپەرشستانە و نامرۆییانەیە و بەرهەمی بەرگری کردنە لە کۆمەڵگای پێچەوانە و درێژەدانە بە ململانێ خوێناوییەکانی هێزەکانی بەرەی تاکی تایبەت .

ئەم بابەتە قسەکردنێکی زۆر هەڵدەگرێت , بەڵام من تەنیا ویستومە ئاماژەیەکی پێبدەم . زۆر پرسیاری تر هەیە کە دەبێت وەڵامیان پێ بدرێتەوە . هەندێک لەو پرسیارانەی کە دەبێت لەم بارەیەوە بکرێت و کەموزۆرێک وەڵامیان پێبدرێتەوە , ئەمانەن : ئایا ترسنۆکی ڕەهایە یان ڕێژەییە ؟ ئایا ترسنۆکی لە هەموو کەسێکدا هەیە یان نییە ؟ ئەگەر هەیە ڕێژەکانیان یەکسانە یان جیاوازە ؟ ئەگەر یەکسانە بەڵگەکان لەم بارەیەوە کامانەن و ئەگەر جیاوازیشە , چۆنچۆنییە ؟ ترسنۆکی سوودبەخشە یان زیانبەخشە ؟ ئەگەر هەردووکیانە "واتە سوود بەخشیشە و زیان بەخشیشە" با ڕوون بکرێتەوە و ئەگەر یەکێکیشیانە با دیاری بکرێت و بسەلمێنرێت . ئایا مرۆڤ ئەتوانێت بێ ترس بژی ؟ ترس حاڵێتکی ساکۆلۆژییە یان پێداویستییەکی بایۆلۆژییە ؟

چەند ووشەیەکی کەمم کە لەم بارەیەوە مابێت , لەسەر نانەجیبییە . ووشەی نانەجیبی کە فاروق وەکو هاوتای ترسنۆکی و بەربەریەت و ستەمکاری هێناویەتییەوە , ووشەیەکە پێش ئەوەی کەسی پێ بریندار ببێت , کەسایەتی فاروق وەکو ڕۆشنبیرێک بریندار دەکات . کە بە کەسێک دەوترێت نانەجیب , وەکو مانا مێژووییەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسە لە چینی نەجیبزادەکان نییە و لە چین و توێژەکانی خوارەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی هەژارەکانن . هەرچەندە ئەم ووشەیە لە پرۆسە مێژووییەکەیدا بە باری ناماقووڵیدا دەوڵەمەند بووە , بەڵام بۆ گەسانی ڕۆشنبیر ناکرێت بەم ناماقووڵییە کە لەم ووشەیەدا بەرجەستە بووە ڕازی ببن و زیاتر لەوەش جێگیرتری بکەن . من دەزانم فاروق مەبەستی ئەوە نەبووە کە سووکایەتی بە خەڵکانی هەژار بکات , بەڵام بەکار هێنانی ووشەی نانەجیب , چونکە ئەو سووکایەتییەی لە خۆیدا گرمۆڵە کردووە , بۆ کەسێکی وەکو فاروق بە هیچ جۆرێک بە شیاوی نازانم . فاروق هاتووە نانەجیبیشی وەکو ترسنۆک لە پاڵ ستەمکار و بەربەرییەتدا داناوە . تەنانەت کە ووشەی بەربەریش بە مانا مێژووییەکەی بەکار دەهێنین , دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە ئەمڕۆ خەڵکانێکی زۆر بە ناوی بەربەرییەکانەوە لە جەزائیر و لیبیا و ئەوانەدا هەن .

بابەتێکی تر کە دەمەوێت دەربارەی ئارەزووەکان بیورووژێنم , بابەتی هێنانە ئارای سیستمێکی دیکەیە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان . مەبەستم لە دامەزراندنی جۆرێکی دیکەیە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی . هەندێک کەس لەوانەی کە بەرەوڕوو پێم دەڵێن و لەوانەش کە بە تەلەفون پرسیارم لێدەکەن , مەسەلەی ئازادی ئارەزووەکانیان لا ڕۆشن نییە و وێناکردنی ئەو ئازادییانەیان , پۆزەتیڤانە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا بۆ وەرناگیرێت . من بزانم کێشەکە لای ئەوانەوە لەوێوە دەست پێدەکات , کە بەسەر کۆمەڵگای پێچەوانەدا ئەزموونی دەکەن . واتە ئەوان هاتنەدی ئەو ئارەزووانەیان لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆی جیهانیدا بە خەیاڵ دێتە بەرچاو . من لەم بارەیەوە لەگەڵیاندا ڕێکم و لارییەکم لەو بۆچوونەی ئەوان نییە . منیش بۆ خۆم لە هیچ نووسینێکمدا ئەوەم ڕانەگەیاندووە کە دەکرێت لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا ئازادی ئارەزووەکان , یەکسانانە بۆ مرۆڤەکان دابین بکرێت . کۆمەڵگای پێچەوانە , کۆمەڵگای تالان کردن و چەوساندنەوەیە . کۆمەڵگای کۆنترۆڵ کردنی ئارەزووەکانی بەرەی تاکی هەموانییە . کۆمەڵگای ڕێگرتنە , تەنانەت لە هاتنەدی ئارەزووەکانی بەشی زۆری ئەندامانی بەرەی تاکی تایبەتیش . لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا ئەگەر دیمۆکراسی و چاکسازییەکانی ناویشی بگەنە لوتکە , هێشتا بوار بۆ هاتنەدی ئارەزووەکان, بە ڕێژەیەکی هێجگار کەم

نەبێت بۆ زۆربەی زۆری مرۆڤەکانی کۆمەڵگا نارەخسێت . کۆمەڵگای پێچەوانە , کۆمەڵگای کۆنترۆڵ کراوی عەقڵی بەرەی تاکی تایبەت و بە شێوەیەکی گشتیش کۆمەڵگای کۆنترۆڵ کردنی ئارەزووەکانە .
چۆن عەقڵی بەرەی تاکی تایبەت لە کۆمەڵگای پێچەوانەدا , کۆمەڵگایەکی گونجاو بەخۆی , دروست کردووە ,, لە کۆمەڵگای ڕاستەوانەشدا ئارەزووەکان ئاوا کۆمەڵگایەکی گونجاو بەخۆیان , دروست دەکەن . ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی ئارەزووەکان بنیاتی دەنێن , جیاوازە لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی عەقڵی بەرەی تاکی تایبەت ڕێکی خستووە . ئارەزووەکان , جگە لەوەی توانای دامەزراندنی سیستمی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیان هەیە ,, لەسەر بە فەرمی ناسینی بێمەرجی ئازادییەکانیشەوە نەبێت , ناتوانن ئەو پەیوەندییانە دابمەزرێنن . ئازادییەکان هەر بە سروشت لە ئارەزووەکاندا هەن . ئارەزووەکان لەگەڵ یەکسانیدا تەبان . تەبا بوونیان لەوێوە نییە کە حەزیان بە یەکسانییە و یەکسانی بە فەرمی دەناسن , بەڵکو لەوێوەیە کە ڕێگە بۆ بەرەو پێش چوونی هاتنەدی ئارەزووەکان لە کایە " مەجال " ی سنوور نەناسیندا خۆش دەکەن . واتە یەکسانی , دەرگایەکی گەورە بەڕووی چوونە پێشەوەی ئارەزووەکاندا والا دەکات . یەکسانی جگە لەوەی کە یەکگرتن و مرۆیی بوون دەکات بەیەک , کاری هاوبەشیش بۆ هاتنەدی ئارەزووەکان بەڕێدەخات .

2010 - 05 - 19

ماویەتی